# یادی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو،و

# لە دەستچوونی کاک سەلامی عەزیزی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران لە ژیانی ٥٦ ساڵەی تەمەنی خۆیدا، گەلێك قۆناغی ناسكو حەستەمی بڕیون. مێژووی خەباتە سەختو دژوارەکەی، لە رۆژانی پڕ تەنگو چەڵەمەو، رووداوی کوتو پڕو کارەساتی دڵتەزێن لیپاولیپ بووە. زەمانێك بوو زۆرداریی پاشایەتی، لەم دەورو زەمانەش دا زوڵم و غەدری رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، بەدایم وەکوو مۆتەکەیەکی مەترسیدار، بەسەر حیزبەکەمانەوە وێستاون. ئەم رێژیمانە بۆ لە بەین بردنی رێبەرایەتی‌یەکەیو بە چۆك داهێنانی ئەندامەکانیو پێچانەوەی یەکجاریی تۆماری سیاسی ـ تەشکیلاتیی حیزب، لە نانەوەی هیچ پیلانو کردەوەیەکی نامرۆڤانە دەستیان نەپاراستوە.

قازی محەممەد کە پێکهێنەرو رێکخەرو پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانو دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو، تەنیا بەتاوانی ئەوە کە بۆ کورد ژیاو لە خزمەتی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانیدا بوو، بە دەستووری حەمە رەزا شا لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا لە سێدارە درا. بێ‌گومان کارەساتی دڵتەزێنی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨یش ئەوەندە بە ژانە، نەك هەر لە بیری خەڵکی کوردستان ناچێتەوە، تەنانەت دڵی ئەویندارانی ئازادیو دێموکراسیخوازانو پارێزەرانی مافی مرۆڤیشی لە رادەی جیهانیدا خەمبارو دڵپەرۆش کردوە. لەو رۆژەدا بوو کە دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبەکەمانو عەبدوڵڵای قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری رەسمیی حیزب لە ئوورووپا، لە شاری وییەن پێتەختی ئوتریش بەدەستی تیرۆریستەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی شەهید کران. پیلانێك کە دەمڕاستەکانی رێژیم لە ژێر ناوی وتووێژدا نابوویانەوە، بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی کۆتایی هات. کاربەدەستانی رێژیم مەبەستیان لەو تیرۆرە، پێکانی مێشكو، تێك رماندنی ساختاری حیزبو، بێ‌هیواکردنی خەڵکی کوردستان بەو خەباتە رەوایە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشڕەویی دەکرد.

دوکتور قاسملوو شەخسییەتی زاناو بەتوانای حیزبەکەمان بوو. لە نێو حیزبو کۆمەڵی کورد، خۆشەویستو بە قەدرو قیمەت بوو. بلیمەتێك بوو، نەك هەر لە نێو کوردان دا سەروەرو کاریزما بوو، لە دنیای سیاسەتو لە نێو کۆڕو کۆمەڵو رێکخراوە دێموکراتە نێونەتەوەیی‌یەکانیش دا بە شارەزای دیپلۆماسیو پەیامبەری دیالۆگو ئاشتی ناوبانگی رۆیبوو. هەر ئەم خەسڵەتانەشی ئیعتیباری جیهانی‌یان پێ‌بەخشیبوو.

ریسالەتی قاسملوو بۆ رێبەری‌کردنی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی.کاتێك ئەو بۆ بەجێهێنانی ئەو ریسالەتە دەسبەکار بوو، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا ناوێکی گەورەو شارێکی وێران مابۆوە. لە سایەی نەخشی سەرەکیی ئەودا بوو کە، قەوارەی سیاسی ـ تەشکیلاتیی حیزب سەر لە نوێ داڕژایەوەو لە سەر شێوازێکی مۆدێرن کە وەڵامدەری هەلومەرجی نوێی خەبات بێ، رێك خراو بەرنامەو پێڕەوێکی پێشکەوتووانە بۆ حیزب گەڵاڵە کرا. پاش ئەو گۆڕانکاری‌یە، ئیتر سەرەڕۆییو پاوانخوازی لە نێو حیزب دا باوی نەما، دێموکراسیی نێوخۆیی گەشەی کرد، کۆبوونەوەو کۆنفرانسو کۆنگرەکان شکڵیان گرت، رێبەرایەتیی حیزب لە نێو کونفرانسو کۆنگرەکان دا هەڵ بژێردرا، کاری جەمعی وەبرەو کەوت، ئوسوولی "رەخنەگری" بەمەبەستی لەبەین بردنی کەموکووڕی‌یەکانو چارەسەری گیروگرفتەکانو بەرەوپێشەوە

چوون باوی سەند، فێرکردنو ڕاهێنانی ئەندامان بە گیانی حیزبایەتیو بردنە سەری زانستی سیاسی ـ تەشکیلاتییان پەرەی ئەستاندو ڕێکخراو کرا بە چەکی هەرە گرینگی کارو تێکۆشان لە نێو حیزب دا.

تێزەکانی قاسملووی نەمر لە سەر موناسەباتی سالمی نێوخۆیی ئاوێتەی سۆزی تەبابیو هاوڕێیەتی کران. "ضوابط" و "روابط" نەك هەر دەست درێژیان نەکردە سەر حەریمی یەکتریو، جێیان بە یەکتر لێژ نەکرد، حورمەتی یەکتریشیان ڕاگرت. وای لیٚهات ئەندامانی حیزب لە سەرەوەڕا هەتا خوارێ بوونە ئەندامی یەك بنەماڵە. ئەمەش وای لە ئەندامانی حیزب کرد، حیزب بە هی خۆیان بزانن‌و کەسایەتیی حیزبایەتییشیان بپارێزن.

دوکتور قاسملوو، موناسەباتی حیزبی دێموکراتی لەگەڵ ڕێکخراوەو ئەحزابی کوردی بەچەشنێك تیئۆریزە کرد کە دامەزرانی ئەو پێوەندییانە وەکوو زەرووڕەتێکی مێژوویی هەڵسەنگێندرێو، لە سەر ئەساسی ڕێزلێنان لە یەکترو دەستێوەرنەدانی کاروباری یەکتری دابمەزرێو، هیچ حیزبێکی کوردی بۆی نەبێ لەسەر حیسابی حیزبێکی دیکە پێوەندیی ناوچەییو نێونەتەوەیی لەگەڵ دەوڵەتەکان دا پێك بێنێ.

قاسملوو باوەڕی بە یەکپارچەیی نەتەوەی کورد هەبوو. هەر لەو ڕوانگەشەوە بوو کە کتێبی "کوردستان و کورد"ی نووسی. بەڵام جیهان بینییەکەی لە سەر مەسایلی کورد زۆر وردو واقیع بینانە بوو. هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی کە باری نالەباری هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان پێکیان هێنابوو، دەیدیتن. ڕادەی هێزو دەسەڵاتو قورسایی هێزە نێونەتەوەییەکانی لە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر ورد هەڵدەسەنگاند. لە شیکردنەوەی ئەو بابەتە گرینگانەدا بوو کە لە نێوان پاراستنی "بەرژەوەندیی نەتەوەیی"و "تێبینییە سیاسییەکان"دا پاڵی وە "ئەمری مومکین" دابوو. ئەم تێزە، سەنتێزی دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"ی بەدوای خۆیدا هێنابوو. ئەم دروشمە تا ئێستاش وەکوو دروشمی ستراتیژیکیی حیزب، ئەندامانو لایەنگرانی لە ژێر چەتری خۆیدا ڕاگرتوە.

شەهید قاسملوو، لە نێوان "دێموکراسیی سەرانسەری"و "خودموختاریی ناوچەیی"دا پێوەندییەکی دیالێکتیکیانەی بەدی دەکرد، ئوسلووبی ڕاستو دروستی پێوەندییەکانی کە دەبوو حیزب لەگەڵ ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانی ئێرانی ڕچاوی بکا، دیاری کردبوو. پێوەندییەکان لە سەر بنەمای دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشو ڕێز لە یەکترنانو نەچوونە ژێر قورسایی هێژمۆنیی هیچ هێزێکی سەرانسەری دامەزرا. ئەو ڕێکخراوو حیزبە سەرانسەرییانەی کە بڕوایان بە دیموکراسیو مافی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران هەبوو، لە ریزی پێشەوەی ئەو ڕێکخراوانە دانران کە حیزب دەبوو پێوەندییان لەگەڵ دا دابمەزرێنێو، پێوەندییەکە لایەنی ستراتیژیکیو درێژخایەنیش بە خۆوە بگرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بوارەش دا گەلێك دەسکەوتی مەزنی دەستەبەر کردن. پرستیژەکەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو شەخسییاتی سیاسیو دێموکراتو ئازادبیرو ڕێکخراوە سەرانسەرییەکانی ئێران دا، زۆر بەرەو ژوور چوو. قورسایی سیاسی ـ تەشکیلاتیی حیزب لە سەر چارەنووسی ئاڵترناتیوی سیاسیی ئێران گەیشتە ڕادەیەك کە ئەمڕۆ هەر بەرەیەکی سەرانسەری یان یەکگرتووی هێزە دێموکراتو پێشکەوتنخوازەکان لە ئێران دا بە بێ بەشداریو هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناتەواوو لاواز دادەنرێ.

تێزەکانی قاسملووی نەمر لە سەر حزووری حیزب لە نێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات زۆر بە بڕشتو کاریگەر بوون. پێشتر پێوەندیی حیزب بە کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانو دەوڵەتەکانەوە ـ ئەگەر هەشبووبێ ـ وەڵامدەری هەلومەرجی خەباتی حیزبەکەمان نەبوو. ئەوە قاسملوو بوو کە بە شارەزایی لە فەرهەنگو سیاسەتی وڵاتانی

ئورووپای شەرقیو غەربی، ژیرانەو وەستایانە لە دەرگاکانیداو ڕێگاکانی تاقی کردنەوەو، سیمای واقعیی دێموکراتی بە دنیای دەرەوە ناساندو گەیاندیە پلەیەك کە ئێستا لەسایەی هەوڵە بێوچانەکانی ئەو نەمرە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەکوو ئەندام لە ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست دا وەرگیراوەو لەو مینبەرە جیهانییەڕا دەتوانێ داخوازە رەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران  بە دنیا رابگەیەنێ.

قاسملوو هەموو کاتو ساتەکانی بیست ساڵی ئاخری ژیانی لە خزمەتی حیزب دا بوو. خۆی مەکتەبێك بوو لە مرۆڤایەتیو کوردایەتیو حیزبایەتی. ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئورگانیزمی حیزب دا پێکی هێنان، ئەوەندە بەهێزو زیندووو جێگرتوو بوون، کاتێك شەهید بوو، حیزبی دێموکراتێکی لە پاش بەجێ ما، پوختو پاراوو پتەو خۆڕاگرو، خاوەنی دنیایەك ئەزموون. ئەو دەرسو ئامۆژگارییە بەنرخانەی قوتابیانی دێموکرات لە مەکتەبی قاسملوودا فێریان ببوون، ئەوانی بەجۆرێك لە بۆتەی حیزبایەتیدا قاڵ کردبۆوە کە بە ئیمانی پتەوو ورەیەکی بەرزتر لە جاران لە مەیدانی کارو تێکۆشان دا مانەوەو بە یەکگرتووکردنی ریزەکانی حیزب، ڕێگای بەرەو پێش چوونیشیان بڕیو نەیان هێشت دوژمنی دژی گەلی واتە کۆماری ئیسلامی خەونەکانی لەسەر حیزب وەدی بێنو بە ئاواتە چەپەڵەکانی بگا.

کاتێك بیرێك لە مانگی پووشپەڕ دەکەینەوەو لاپەڕەکانی هەڵ دەدەینەوە، دەبینین کە بێجگە لە کارەساتی دڵتەزێنی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، لە ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوییش دا، تووشی رووداوێکی پڕ ماتەمی دیکە بووینو سەر لە نوێ خەفەتو پەژارە دڵو دەروونی هاوڕێیانی دێموکراتی ڕێك گوشیوە، ئەویش کۆچی لەنەکاوی هاوڕێی بەوەجمان سەید سەلامی عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەمان بوو. کاك سەلام بە نەخۆشییەکی کوتوپڕ کە تووشی بوو لەو رۆژەدا دڵی لە لێدان کەوتو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین.

هاوڕێ سەلامی عەزیزی دێموکراتێکی راستەقینەو قوتابییەکی ئەمەگناسی شەهید دوکتور قاسملوو بوو. ئەمیش دوو دەیەی ئاخری ژیانی بۆ کارو تێکۆشان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا تەرخان کرد. لە پێناوی بیروباوەڕیدا ژیانی ئاسوودەیی وەلا نا، لە مەقامو مەنسەبی دەوڵەتی گوزەرا، رووی لە سەنگەری خەباتی ئەم حیزبە کردو وەکوو هاوڕێیەکی تێکۆشەرو دڵسۆز، هەموو تواناو زانستی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانی وەگەڕ خست. ئەوە سەداقەتو لیاقەتو لێزانیو خۆڕاگریو خەسڵەتە بەرزە کۆمەڵایەتییەکانی کاك سەلام بوون کە ئەویان گەیاندە پلەی بەرزی ڕێبەرایەتی. بۆ ماوەی ١٠ (دە) ساڵان لە پۆستی گرینگی ئەندامەتیی دەفتەری سیاسیی حیزب دا سەربەرزانە کاری کرد. کاك سەلام ئینسانێکی مەشرەف خۆش، خەڵکیو خاکیو رەفیق گرو لە ژیانی بنەماڵەییدا تا بڵێی سەرکەوتووو بەختەوەر بوو. خۆشەویستی هەموو ئەو کەسانە بوو کە لە نزیکەوە دەیان ناسی. سەید سەلام سەرمایەیەکی گەورەی حیزبو هاوڕێیەکی ماندوویینەناسی رێگای دێموکرات بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەدەست دانی ئەو ئینسانە، خەسارێکی گەورەی وێکەوت. ئەوە هیممەتو لە خۆبردوویی رۆڵەکانی دێموکراتە کە توانیویەتی کەلەبەری لەدەست دانی ئەو پیاوە بەوەجە پڕ بکاتەوەو سوکنایی بخاتە نێو دڵی بنەماڵەیو هاوسەنگەرانی.

لە دوازدەیەمین بیرەوەریی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی مامۆستاو دووهەمین یادی لەدەستچوونی کاك سەید سەلامی براو هاوڕێو هاوسەنگەردا، وێڕای سڵاوی ئەمەگناسیو وەفاداری لە گیانی ئەو دوو ڕێبەرە نەمرە، لەگەڵ رووحی وانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان رێگای پڕ شانازیی حیزبەکەیان درێژە بدەینو دروشمی "یان سەرکەوتن یان سەر دانان" بکەینە چرای ڕێگای تێکۆشانمان.